ئەنجومەنی نوێنەران دەنگ لەسەر پڕۆژەیاسای هەمواری یەکەمی یاسای بودجەی گشتی دەدات



ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕۆژی یەکشەممەی داهاتو کۆبونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدەدات و بەگوێرەی یەکێك لەو خاڵەکانی کارنامەی کۆبونەوەکەش، دەنگ لەسەر پڕۆژەیاسای هەمواری یەکەمی یاسای بودجەی گشتی دەدرێت.

بەگوێرەی کارنامەی کۆبونەوەی کاتژمێر 1:00ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە 19ی (کانونی دووەم/1)ی 2025، لەخاڵی یەکەمدا، دەنگ لەسەر پڕۆژەیاسای دەزگای هەواگری نیشتمانی دەدرێت، لەخاڵی دووەمیشدا دەنگ لەسەر پڕۆژەیاسای هەمواری یەکەمی یاسای بودجەی گشتی بۆ ساڵانی 2025-2024-2023ی ژمارە 13ی ساڵی 2023 دەدرێت.

هەر بەگوێرەی کارنامەکە، دەنگ لەسەر پڕۆژەیاسای هەمواری چوارەمی یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی بۆ کەرتی تایبەت و تێکەڵ دەدرێت، هەروەها دەنگ لەسەر پڕۆژەیاسای سەندیکای پڕۆگرامسازانی عێراق دەدرێت، جگە لەوەش دەنگ لەسەر پڕۆژەیاسای هەمواری یەکەمی یاسای هاوتاکردنی بڕوانامەی زانستی عەرەبی و بیانی دەدرێت.

لەکارنامەکەدا هاتوە، جگە لەدەنگدان بەو پرۆژە یاسایانە خوێندنەوەی یەکەم بۆ سێ پرۆژە یاسای دیکەی ئەنجامدەدرێت.